پرۆژەیەک بە چاکسازی لە سەکتەری باج لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت

ئەمە سەشەمە ، ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری پێشوازی کرد لە تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێریی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان.

لە راگەیەندراوێکی وەزارەتی دارایی هەرێمدا هاتووە : لەکۆبوونەوەکە گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی کاری تیمە هاوبەشەکان کرا کە ماوەی چەند ڕۆژێکە بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وردبینی لە داهات و خەرجیی سە مانگی سەرەتای ساڵی 2025 لە هەرێمی کوردستانن.

ئاماژەبەوەکرا، وەزیری دارایی وەك هەمیشە ئامادەیی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بە هاوکاری و

هەماهەنگی دووپاتکردەوە و رایگەیاند، ”هەرچی داتا و زانیاریی پەیوەست بە دەخرەتە بەردەم تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێریی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان“.

□

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا وەزیری دارایی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینیی یەکگرتووی عێراقی لەسەر ئاستی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی بە تیمە هاوبەشەکان رووونکردەوە کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە ئەوانەی تەمەنیان لە 60 ساڵ زیاتر بووە ڕەوانەی خانەنشینیکراون و بەشێك لەوانەشی کەسوکاری شەهید و زیندانییانی سیاسی بوون بە پێی بڕگەیەکی یاساکە خزمەتیان بە درێژکراوەتەوە و هاوکات کورتەیەکیشی لەسەر دوایین هەنگاوەکانی پرۆسەی بەبانکیکردنی مووچە لە خستەڕوو و ڕایگەیاند، بەپێی ئەو پلان و بەرنامانەی دانراون لە ئەمساڵدا زەربەی مووچەخۆران دەبێنە خاوەن هەژماری بانکی خۆیان و پرۆسەکەش بەباشی بەڕێوەدەچێت.

□